# شار

گوڵم !
دڵم پڕە لە دەردو کوڵ
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
ئەڵێم بە جامی ئاوی کانیاوی دێیەکەم
عیلاجی کەم کوڵی دڵی پڕم ، لە دەردی ئینتزارەکەت
وەرەز بوو گیانی من لە شارو هاڕەهاڕی ئەو
لە ڕۆژی چڵکنی نەخۆش‌و تاوو یاوی شەو
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
لە شاری چاو لە بەر نیئۆن شەوارەکەت
بڕۆمە دێ کە مانگەشەو بزێتە ناو بزەم
چلۆن بژیم لە شارەکەت
کە پڕ بەدڵ دژی گزەم ؟!
لە شارەکەت ، کە ڕەمزی ئاسن‌و منارەیە
مەلی ئەوین غەوارەیە
ئەڵێی لە دەوری دەست‌و پێم
ئەوەی کە تێل‌و تان‌و رایەڵە ، کەڵەبچەیە
ئەوەی کە پەیکەرە میسالی داوەڵە
ئەوەی کە دارەتێلە ، مەزهەری قەنارەیە
لە شارەکەت کەمەندی دووکەڵە
کە دێتە دەر لە ماڵی دەوڵەمەند
وە تیشکی بێگوناهی خۆرەتاو ئەخاتە بەند
لە هەر شەقام‌و کووچەیەک شەپۆڕی شینە
دێ بەرەو دڵم
دەستی گەرمی ئاشنا نی‌یە کە ئەیگوشم
دەستی چێوی‌یە
لەشارەکەت زەلیلەشێر ،
باوی ڕێوی‌یە



بەهەر نیگایەکو  پەتایەکە
ئەلێم بڕۆم لە شارەکەت
گوڵم ، هەرێمی زۆنگو زەڵ
چلۆن ئە بێتە جارە گوڵ
لە شاری تۆ ، لە بانی عەرشە  قۆندەرەی دراو
شارەکەت
ئاسکە جوانەکەم !
تەسکە بۆ ئەوینو بۆ  خەفەت  هەراو
کێ لە شاری تۆ ، لە شاری قاتڵی هەژار
گوێ  دەداتە ئایەتی  پەڕاوی  دڵ ؟
منێ کە گۆچی تاوی گەرمی  بەر  دەوارەکەی  عەشیرەتم
بە دارە تەرمی کووچە  تەنگەکانی شارەکەت
را نەهاتووە  لەشم
بناری پڕ بەهاری دێ
رەنگی سوورو شین  ئەدا
لە شیعرو  عاتیفەی  گەشم
ئەڵێم  بڕۆم لە شارەکەت گوڵم

" سوارە "

ناو: ..................................

* ماناكانيان بنوسە:

كانياو:
كوڵی دڵ:
تاوویاو:
چرای نیئۆن:
منارە:
گزە:
مەڵ:
ئەوین:
مەڵی ئەوین:
غەوارە:
تێل :
تان و رايەڵ:
کەلەبچە:
پەيكەر:
داوەڵ:
دارتێل:
مەزهەر:
قەنارە:
تيشک:
بەند:
شەقام:
شەپۆڕ:
چێو:
چێوی:
باو:

پەتا:
هەرێم:
زۆنگ‌وزەل:
جارەگوڵ:
قۆندەرە:
دراو:
تەسک:
خەفەت:
هەراو:
قاتل:
هەژار:
ئايەت:
گۆچ:
دەوار:
عەشيرەت:
دارەتەرم:
كوچە:
بنار:
عاتيفە:

ناو: ..................................

* ماناکان :

کانیاو: ١)ئاوێ کەلەکانی دێتەدەر ٢) ئەوزەوێ یەی کەبەئاوی کانی ئاودەدرێ.
کوڵی دڵ: خەم وخەفەت، دەردو غەم.
تاوویاو: نۆبەتێ، تەب.
چرای نیئۆن: جۆرەلامپێکەکەپتر دوکاندارەکان بۆرازاندنەوەی دوکانەکانیان کەڵکی لێ وەردەگرن.
منارە: ئەوشوێنەی مزگەوت کەبانگی لەسەردەدرێ.
گزە: فروفێڵ.کەڵەک.
مەل: باڵندە، پەڕەندە، تەیر.
ئەوین: ئەڤین، دلّداری، عیشق.
مەلی ئەوین: جۆرێک باڵندەکەبەمەلی هەمیشەئەویندارناسراوە؛(مۆرغێ عێشق).
غەوارە: بێگانە.
تێل: تەل، سیم؛ خوار، تۆزێ لار.
تان ورایەڵ: ڕاهێڵی تەون، تار.
کەلەبچە: دەستبەندی ئاسنی تاوانباران.
پەیکەر: هەیکەل،موجەسەمە،تیمسال؛ قالب،لەش، بەدەن.
داوەڵ: داڵەهۆ، داڵۆ، مەتەرسەک ؛ دەهۆڵ.
دارتێل: دارتەلی سیمی بەرق و تەلەفون.
مەزهەر: شوێنی ئاشکرابوون.
قەنارە: سێدارە.
تیشک: تیرێژ، روناکی خۆر.
بەند: زیندان.
شەقام: ١)جادە، شۆسە٢)زللە ٣)هەنگاو.
شەپۆڕ: گریانی بەدەنگ بۆ مردوو.
چێو: دار،داربەست.
چێوی: دروست بوو لەدار.
باو: شیاو؛ هەرەت،جەنگە؛ شێوە؛ ڕمێن وڕەونەق؛ هەڵ،دەرفەت.

پەتا: ١)نەخۆشی ئاهۆ (واگیر) ٢)هەڵامەت.
هەرێم: ناوچە، مەڵبەند.
زۆنگوزەل: باتڵاق .
جارەگوڵ: گوڵزار.
قۆندەرە: پێڵاویپاژنەدار، چەکمە.
دراو: پارە، پووڵ
تەسک: تەنگ،کەمبەر، بەرامبەری پان.
خەفەت: غەم، ناراحەتی.
هەراو: بڵاو؛ گوشاد.
قاتل: پیاوکوژ.
هەژار: جار، بێچارە، فەقیر، نەدار.
ئایەت: بەندوبڕێکلەسورەتیقورئان؛ نیشان، نوسراوە.
گۆچ: داماڵینی بەدەن بەچەوری یان هەرشتێکی دی؛ قوژبن،سوچ،گۆشە.
دەوار: ڕەشماڵ؛ خێوەتیڕەشی هەڵدراو، پارچەی ڕەشماڵ.
عەشیرەت: هۆز، تایفە.
کوچە: کُوجی.
دارەتەرم: تابوت.
عاتیفە: دڵۆڤانی و هۆگریبەخۆشەویستان.
بنار: داوێنیی کێوبەرەودەشت.